
ئەدەب و کولتوور ڕووداو

# دوا ڕۆمانی (حەکیم کاکەوەیس) چاپ و بڵاودەکرێتەوە



پۆرترێت: تارا خەلیل

■ ئا: ئەدەب و کولتوور

بەر لە مەرگی بە چەند کاژێرێک، هەواڵی چاپکردنی (یەک) دانە لە ڕۆمانی (سەگەکەشیان چوارەمیان بوو)ی پێ ڕاگەیەندرا، بەڵام مردن بواری (حەکیم کاکەوەیس)ی نەدا بە دیدەنی کتێبەکەی شاد بێت.

ڕۆمانی (سەگەکەشیان چوارەمیان بوو)، دوایین بەرهەمی نووسەر و وەرگێڕ و ڕۆماننووسی کورد (حەکیم کاکەوەیس)ە.

ئەم ڕۆمانە بیست و هەشتەمین کتێبی حەکیم کاکەوەیسە کە بە قەبارەیەکی مامناوەندی و لە دووتوێی 280 لاپەڕەدا بەم نزیکانە هەزار دانەی لێ چاپ دەکرێت و لە ڕێوڕەسمێکدا بڵاو دەکرێتەوە.

جەلیل کاکەوەیس کە دەکاتە مامی حەکیم کاکەوەیس، بە (ئەدەب و کولتووری ڕووداو)ی ڕاگەیاند: "ناوەڕۆکی ئەم ڕۆمانە بەشێوەیەکی گشتی باسی نەهامەتی و دەردەسەرییەکانی کورد دەکات. لە چوار بەشی سەرەکی پێکدێت و بە تەکنیکێکی تایبەت ڕووداوە مێژووییەکان و دۆخی ئێستا، پێکەوە گرێ دەدات".

حەکیم کاکەوەیس لە پەراوێزی کتێبەکەیدا بەم جۆرە باسی ڕۆمانەکەی کردووە: "پێنج ساڵ پێش ئێستا، لە (حەساری گەورە) دەستم بە نووسینی ئەم ڕۆمانە کرد. لە بەشی کۆتاییدا بووم، نەخۆشی پەکیخستم. دەڵێن "52 ڕۆژ نانت نەخوارد". کێشیشم، لە 76 کیلۆوە بوو بە 49 کیلۆ. لەسەر نوێنی نەخۆشی لە خوا پاڕامەوە: "خوایە مۆڵەتم بدە کارەکەم تەواو بکەم، لەوساوە تەندروستیم باشترە و توانیم دوابەشی لە نەخۆشخانە لە سوید تەواو بکەم. هیوادارم نەخۆشی بە دوابەشی ڕۆمانەکەوە دیار نەبێ".

حەکیم کاکەوەیس هەر بەهۆی هەمان نەخۆشییەوە، ڕۆژی 18/11/2018 لە بەغدا ماڵئاوایی یەکجاری کرد.

# راوچییانی بەفر بڵاودەکرێتەوە



■ ئا: بژار حەکیم

ڕۆمانی ( راوچییانی بەفر)ی نووسەری ئەمریکیی بەڕەچەڵەک کۆری پاوڵ یوون لەلایەن وەرگێڕ هەڵۆ فەریق لە ئینگلیزییەوە وەرگێڕدرایە سەر زمانی کوردی و ناوەندی هەرمان بۆ وەرگێڕان چاپ و بڵاوی دەکاتەوە.

پاوڵ بێجگە لە راوچییانی بەفر، خاوەنی دوو کۆمەڵە چیرۆکیشە، یەکەم کۆمەڵە چیرۆکی لە ساڵی 2009 بڵاوکردەوە، بەناونیشانی (جارێک لە کەنار دەریا) . هاوینی ساڵی 2017 یش دووەم کۆمەڵە چیرۆکی بڵاوکردەوە لەژێر ناونیشانی (چیاکە).

پاوڵ لە دیدارێکدا سەبارەت بە بیرۆکەی ئەم ڕۆمانەی دەڵێت: " کاتێک کۆمەڵە چیرۆکەکەم نووسی، هەموو لێیان دەپرسیم بیرۆکەی چیرۆکەکانم لە کوێوە بۆ هاتووە و چ شتێک ئیلهامبەخش بووە. لەڕاستیدا وەڵامی ئەو پرسیارەم بۆ نەدەدرایەوە، ڕەنگە لەبەر ئەوەبێت کە خاوەنی یادەوەرییەکی خراپم، بەڵام راوچییانی بەفر جیاوازە".

پاوڵ یوون دەشڵێ: " لە یادمە بۆ نووسینی چیرۆکێکم، سێرچم بۆ جەنگی کۆریا دەکرد. یەکێک لەو شتانەی زۆر سەرسام بووم پێی، ئەو سەربازانەی کۆریای باکوور بوون کە لە کاتی جەنگدا دەستبەسەر کرابوون و لە کۆریای باشوور زیندانی کرابوون. بەڵام دوای ڕاگرتنی جەنگ، رازی نابن بگەڕێنەوە بۆ باکوور، بۆ نیشتمانەکەی خۆیان و لە بەرامبەردا کۆچیان کرد بۆ ئەمریکای باشوور. زۆرترین سێرچم بۆ ئەم کەسانە کرد و کەمترین وەڵامم دەستکەوت".

پاوڵ یوون دەشڵێ: "ئەم کتێبە بەرئەنجامی خەیاڵی منە بۆ ئەو پرسیارەی کە ئەو کەسانە کێ بوون؟ لە خەیاڵی خۆمدا یەکێک لەو کەسانەم دروست کرد و لەگەڵیدا ڕۆیشتم و ئەم کتێبەی لێ بەرهەم هات."

پاوڵ یوون، نووسەرێکی ئەمریکییە و لە نیویۆرک لەدایک بووە. دایک و باوکی بەڕەچەڵەک خەڵکی کۆریان و گەواهیدەر و قوربانیی دەستی جەنگی کۆریان و یەکێک بوون لەو خێزانانەی لە ساتەوەختی جەنگدا کۆچیان کردووە بۆ ئەمریکا.

# نۆڤلێتی "من لە ماڵی سەرۆک بووم" چاپ دەکرێت

## نیهاد جامی: نۆڤلێتەکە قسەکردنە لەبارەی کێشەی کۆچ و پەنابەران



■ ئا: ئەدەب و کولتوور

نۆڤلێتی "من لە ماڵی سەرۆک بووم" کە کارێکی نوێی نووسەر و شانۆکار نیهاد جامی- یە، لە ئایندەیەکی نزیکدا چاپ و بڵاودەبێتەوە.

نیهاد جامی کە ئێستا لە ئیتاڵیا دەژیت، بە (ئەدەب و کولتووری ڕووداو)ی گوت: "نۆڤلێتی- من لە ماڵی سەرۆک بووم- ئێستا کاری دیزاینی تەواو بووە و لە داهاتوویەکی نزیکدا بڕیارە بچێتە چاپخانە و لە کۆتایی ئەمساڵ بڵاودەکرێتەوە".

لەبارەی نێوەڕۆکی نۆڤلێتەکەش گوتی: " کتێبەکە لە بڵاوکراوەکانی دەزگای وشەیە، ناوەڕۆکەکەی قسەکردنە لەبارەی کێشەی کۆچ و مرۆڤی کورد و نووسەرێک کە لەترسی مردن لە کوردستان رادەکات و کاتێک بێهیوا دەبێت، ڕوو دەکاتە ئیتاڵیا".

نیهاد جامی گوتیشی: "ئەم نۆڤلێتە بەشێکە لەو سیانە ئەدەبییەی کە پێشتر بە (لە ئۆکتۆبەردا کوژرام) دەستپێکرد و (من لە ماڵی سەرۆک بووم) بەشێکی دیکەی قسەکردنە لە پەیوەندیی نووسەران لەگەڵ دەسەڵاتی سیاسی و کتێبی سێیەمیش کە لە نووسینی تەواوبوومە، بەناوی دەستنووسی کتێبێکە. هەر سێ کتێبەکە لەشێوەی ئەدەبی گێڕانەوە، دیدی من بۆ گوتاری سیاسی کوردی دەخاتەڕوو".

# خەڵاتێکی مارلین مۆنرۆ بە 250 هەزار یورۆ فرۆشرا



■ ئا: بژار حەکیم

خەڵاتی گۆڵدن گڵۆب " تۆپی زێڕین" کە بەخشرابووە ئەکتەر و گۆرانیبێژی کۆچکردووی ئەمریکی مارلین مۆنرۆ، لە مەزادخانەی جۆلیانز ئێن ڤی بێڤرلی هێڵز لە ویلایەتی کالیفۆرنیا بە بەهای 250 هەزار یورۆ فرۆشرا. بەمەش، مارلین مۆنرۆ بۆ جاری دووەم مێژوو تۆمار دەکات. یەکەمیان دوای بەدەستهێنانی خەڵاتی "باشترین ئەکتەری تایبەتمەند" کە ساڵی 1961 کۆمیتەی هۆلیوود بۆ ڕۆژنامەگەری بیانی بۆ ئەم خەڵاتە دەستنیشانیان کرد. دووەمیش بەهۆی ئەوەی زۆرترین بڕە پارە لە مەزادێکی ئاشکرادا بەخەڵاتەکەی دراوە.

مەزادخانەی جۆلیانز ئێن ڤی بێڤرلی هێڵز مەزادی تایبەتیان بۆ کەلوپەلە گرانبەهاکانی مارلین مۆنرۆ کردبووەوە. دوای فرۆشتنی خەڵاتەکە، ئۆتۆمبێلە تایبەتەکەی مارلین مۆنرۆ لە جۆری فۆرد ساندەربێرد نمایش کرا کە ڕەنگی ڕەشی دوو کوشنی سەرکراوەی مۆدێلی 1956 بوو. ئەم ئۆتۆمبێلەش بە نرخی 490 هەزار دۆلار فرۆشرا. ئەم مەزادخانەیە یەکەم جاریەتی ئۆتۆمبێل بفرۆشێت.

لە مانگی حوزەیرانی 1956 و دوای دوو هەفتە لە هاوسەرگیرییان، وێنەیەکی مارلین مۆنرۆ بە یاوەریی هاوژینەکەی ئارسەر میلەری ڕۆماننووس و نووسەری شانۆ لەنێو ئەو ئۆتۆمبێلەدا گیرا کە مۆنرۆ خۆی لێیدەخوڕی.

ئەم ئۆتۆمبێلە تاوەکو ساڵی 1962 ، واتە بۆ ماوەی شەش مانگ موڵکی مارلین مۆنرۆ بوو. بەر لە کۆچی دوایی، مۆنرۆ هەر هەمان ساڵ ئۆتۆمبێلەکەی کردە دیاری بۆ نەوەی لی ستراسبێرگ کە ڕاهێنەری بوو لە کاری ئەکتەریدا.


خاوەنە نوێیەکەی ئەم ئۆتۆمبێلە کە نەیویست ناسنامەکەی ئاشکرا بکرێت، یەکەم تۆماری بەناوکردنی ئۆتۆمبێلەکەشی دەستکەوت کە ناوی مارلین مۆنرۆی لەسەرە. دیارە ئۆتۆمبێلەکە چەندین جار نوێکراوەتەوە بەڵام بەهەمان شێواز و ستایلی پێشووی و بەشێکی زۆر پارچە ڕەسەنەکانی ماوەتەوە و نەگۆڕاون.

مەزادخانەکە 12 پارچە لە کەلوپەلە گرانبەهاکانی مارلین مۆنرۆی نمایشکرد و سەرجەمیان فرۆشران، لەنێویاندا یەکەم ژمارەی گۆڤاری پلەی بۆی کە لەسەر بەرگەکەی وێنەی مارلین مۆنرۆ هەیە بەواژۆی خاوەنی گۆڤارەکە هیو هێفنەر و بە 32 هەزار دۆلار فرۆشرا.

مارلین مۆنرۆ ئەکتەر و گۆرانیبێژی ناوداری ئەمریکی لە ساڵی 1926 لە لۆس ئەنجلس لەدایک بووە و لە 5ـی ئۆگەستی 1962 بەشێوەیەکی تەمومژاوی کۆچی دوایی کرد.

# پێوەندیی نێوان سروشت و ئەدەبیات





ئارام فەتحی

مرۆڤ هەر لە سەرەتای بوونیەوە لە داوێنی سروشتدا دەستی بە ژیان کردووە و هەتا ئێستاش لێی دانەبڕاوە، چونکە دابڕانی مرۆڤ لە سروشت، یانی قەڵاچۆ تێکەوتنی تۆرەمەی بەشەر.

مرۆڤ بۆ دەربڕینی هەست و خەیاڵ و سۆزی خۆی ئامرازێکی بە ناوی هونەر خولقاند. هەروا کە دەزانین سروشت زۆرترین بەشی لە هونەر داگیرکردووە و ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ هەست، خەیاڵ ناسکی، ڕۆح و عاتیفەی مرۆڤەکان. ئەگەر چاوێ بە مێژووی هونەردا بخشێنین، بۆمان دەردەکەوێت کە ڕۆحی هونەر، سروشتە. ئەرەستۆ هونەرمەند بە ئاوێنەی سروشت دەزانێ. ئەدەبیاتیش یەکێک لەو هونەرانەیە کە مرۆڤەکان لەو کاتەوەی شێوازێکیان بۆ نووسین داهێناوە، پەیام و قسە و بگرە خەیاڵ و ئازاریان پێ باس کردووە و وەکوو دەرمان و ڕێگەچارەیەک یان کەرەسەیەک بۆ دەربڕینی گرفتەکە و خستنەبەرچاوی، بەکاریان هێناوە.

ئەدەبیات لە سەرەتاوە تاکوو ئێستا خاوەنی زۆر قوتابخانە بووە. یەک لەوانە پێیدەگوترێ ڕۆمانتیک. ئەو شاعیر و نووسەرانەی کە لەم تاقمە بە ژمار دێن کەسانێکن هەست و خەیاڵیان پڕە لە سروشت و بە شاعیرانی سروشتپەرست ناسراون. سروشت لە بەرهەمەکانی ڕۆمانتیستەکاندا وەکوو پەرستگایەک دێتە بەرچاو. کەسێ کە لە سروشت نزیکە و لە هەڵپەرتاوتنەکانی شارستانێتی بەدوورە، دەبێ بە کێلکی ڕووتەنک و هەموو شتێک دەبینێ. دەتوانین بڵێین ڕۆمانتیزم بانگهێشتێکە بۆ چوونە ناو ئایینی سروشت. سروشت بۆ شاعیری ڕۆمانتیک نە تەنیا پەرستگایە، بەڵکوو گیانیشی هەیە و بوونەوەرێکی زیندووە.

سروشت، هەژەتێکی ماشینی وەک کاتژمێر نییە کە دەستە نادیارەکانی یەکێک بیگێڕێت و بیخولێنێتەوە. سروشت زیندووە و دەڕوێت وەکوو نەبات.

پێکهاتەی سروشت جۆرێکە کە لە چکۆلەترین بەشیەوە بگرە هەتا بەشە زۆر گەورەکانی، هەموو پێکەوە پێوەندییان هەیە. خەیاڵی مرۆڤیش وەک سروشت ئۆرگانیکە.

ئەدەبیات بۆ خۆی خاوەنی چەند لق و ژانرە کە بریتین لە: شیعر، چیرۆک، پەخشان، ڕۆمان و... هەرکام لەمانە بە جوانی بۆن و بەرامەی سروشتیان لێ دێت (لە ئەدەبیاتی کۆندا ئەم شتە بەرچاوترە). هەر وڵاتێکیش بۆ خۆی خاوەن مێژوو و ئەدەبیاتێکی مێژووییە. وەک هەمەنگوای دەڵێ: هەر نەتەوەیەک ئەدەبیاتی بەهێزتر بێت ئەو نەتەوە لە جیهاندا ناسراوترە. لێرەدا بۆمان دەردەکەوێت کە ئەدەبیات وەک میدیایەکی گەورە، پردێکی پێوەندیی نێوان مرۆڤەکان بەئەژمار دێت و بە کەڵکوەرگرتن لەم هونەرە فرەدەنگە دەتوانرێت نەتەوەیەک لە هەموو بوارەکانەوە بە نەتەوەکانی تر بناسێنرێت. لێرەدا من باسەکە دەهێنمە سەر ئەدەبیاتی خۆمان؛ ئایا نووسەرانی ئێمە وەکوو ئەرکێکی نەتەوەیی توانیویانە ئەم نەتەوە چەوساوەیە بە باشی بناسێنن؟ ئایا توانیویانە بەپێی گرفتەکانی کۆمەڵگا دەق بخولقێنن و دەقەکانیان ئاوێنەی باڵانوێنی دۆخی ژیانی هەنووکەییمان بێت؟ نەتەوەی ئێمە تووشی قەیرانگەلێک بووە کە یەکێک لە بەرچاوترینیان لە ئێستادا، قەیرانی کاولکاریی ژینگە و سروشتە. ئەویش بۆ جوگرافیای وڵاتێک کە نە دیواری چینی هەیە و نە شتێکی ئەوتۆ بتوانێ گەشتیارێک بۆ لای خۆی ڕابکێشێ؛ ئەوەی هەیەتی بۆ ئەم شتە، سروشتە سروشت.

هەڵکردنی تەپوتۆز لە وڵاتانی عەرەبییەوە کە دوو بەشی کوردستانی تووشی ئاڵۆزی کردووە، ڕاوکردن و لەناوبردنی ئاژەڵان بە هۆکارگەلێکی جیاواز و ناڕەوا، لەناوبردنی دارستانەکان بۆ تێرکردنی تەماحی مرۆڤە چاوچنۆکەکان، پیسکردنی چەم و جۆبارەکان و...ئایا ئەدەبیات وەکوو بەشێکی هەرە گرنگ لە ڕاگەیاندن، یان دەرخەری دۆخی هەنووکەی ژیان، چ هەوڵێکی بۆ ژینگە و سروشت داوە؟

ئەگەر تۆزێک بە وردی بچینە نێو بابەتەکەوە (پێوەندیی سروشت و وێژە)، دەبینین کە ژینگە چۆن دێر بە دێری شیعر و پەخشان و چیرۆکی کوردی تەنیوە. بۆ وێنە لە چیرۆکەکانی شێرزاد حەسەندا بە باشی ئەو شتەمان بۆ دەردەکەوێت، بەتایبەتی لە کتێبی (حەسار و سەگەکانی باوکم). دوا لاپەڕەی ئەم کتێبە پڕە لە کەڵک وەرگرتن لە ئامرازەکانی سروشت و ئاژەڵەکان. لە کاتی خوێندنەوەی ئەم کتێبەدا هەستێکت بۆ دێت کە لەگەڵ سروشت تێکئاڵا دەبی. کاتێ نووسەر دەست بە نووسین دەکات، کەڵکوەرگرتن لە ئامرازەکانی سروشت ناکرێ شتێکی ئەنقەست بێت. هەر ئەوەش وای کردووە کە فەزای ئەو چیرۆکانە فەزایەکی سروشت ڕەنگ بێت؛ بەتایبەت لە بواری شیعرەوە کە ئەمەش گرێدراوە بە ڕۆح و عاتیفەی نووسەرەوە. ئەم کەڵکوەرگرتن لە سروشت و هاتنە ناو خەیاڵی شاعیر و نووسەرە لە ئەدەبیاتی کۆندا زۆرتر بەرچاو دەکەوێت. زۆرن ئەو شاعیرە کوردانەی کە ژیانێکی پێچراوە بە سروشتیان هەبووە، بە جۆرێک کە فیکر و خەیاڵیانی داگیر کردووە. وەک مەولەوی کورد دەفەرمێ:

**وەهارەن، سەوزەن، ئاوەن، سەرکاوەن هاژەی وەفراوەن، شاخەی شەتاوەن**
**ساقی یەن، بادەن، نەسیمەن، بادەن بولبول جە دەورەی گوڵان ئازادەن**

کەسانێکی تری وەک: نالی، مەحوی، وەفایی، سالم، بێسارانی و...ئەمانە بەشی ئەدەبیاتی پێشوون کە ئەگەر سەرنجی شیعرەکانیان بدەین، بۆمان دەردەکەوێت ئەگەر تەنانەت بە خودی سروشتدا شیعریان نەوتبێت، لانیکەم زۆربەی وشەکانیان ناوی ئەو شتانەن کە لە سروشتدا بەرچاو دەکەون. ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ژیانەی مرۆڤی کورد کە لە داوێن تەبیعەت و کەژوکێو بردوویەتیە سەر.

لە شاعیرانی نوێخوازیشدا کەسانێکی زۆر هەن کە خەیاڵەکانیان لە سروشتەوە گەشەی کردووە. لەوانە: گۆران، سوارە ئێلخانی زادە. هێمن لە شیعری ( ڕێبەندان و شاعیر)دا دەڵێ:

ڕێبەندان! دیسان هاتیەوە سەرمان ڕەقمان هەڵێنی دیسان لە سەرمان

شاعیر هاتووە ئەو بەشەی لە ژیانی کوردەواری کە لە سروشتەوە سەرچاوە دەگرێت بنوێنێت. لە شیعرێکی تردا بەناوی (هێلانەی بەتاڵ) دەڵێ:

نییە باکم ئەگەر زاڵم شکاندوویەتی باڵی من

**ئەوە سەختە کەوا ناگاتە گوێی کەس ناڵە ناڵی من**
**بەهار هات و تەبیعەت حوکمی ئازادی مەلانی دا**
**لەناو کونجی قەفەزدا دیارە چۆنە ئێستە حاڵی من**

لێرەدا بۆمان دەردەکەوێت کە شاعیر ویستوویەتی بە کەڵکوەرگرتن لە یاسای سروشت شێوازی ئەو ژیانە ناعادڵانەی کە تێیکەوتووە، تەنانەت زۆر کەمبایەختر لە ژیانێکی سروشتییانە بە شیعر دەربڕێت. یان ئەگەر سەرنج بدەینە شیعری (پاییز)ی مامۆستا گۆران، یان (شار)ی سوارە ئێلخانی زادە، بە جوانی هەست بە ئەویندارییی نێوان شاعیر و سروشت دەکەین. لە کتێبی شیعری جەلال مەلەکشادا (داستانی دارەپیرە)ی بە ئەوپەڕی لێهاتووییەوە لە زمانی سروشتەوە باسی خیانەت و نامۆبوونی مرۆڤەکان لەگەڵ خودا دەکات: ...داس و کوتک و تەور هاتن/ لە سێبەری دارەپیرە/ ئێستێکیان کرد.

هەروەها شاعیرانێکی وەک: شێرکۆ بێکەس، بەختیار عەلی، ڕەفیق سابیر، عەبدوڵڵا پەشێو کە بەڕاستی خەیاڵەکانیان تێکەڵاوی سروشتە و دەماری ڕۆحیانی پێوە گرێدراوە. بۆ وێنە شێرکۆ بێکەس لە (دەربەندی پەپوولە)دا دەڵێ:

ئەوەرێم یان ئەڕوێم؟/ لە نێوان وەرین و ڕواندا/ وەرزێکی دیکەی نوێم

لێرە شاعیر چووەتە ناو بەحری سروشتەوە و خۆی لەوێوە دەناسێنێ. گومان ناکەم کەسێک بتوانێت بڵێت ئەم خەیاڵە دەستکرد و ئەنقەستە.

عەبدوڵڵا پەشێو لە شیعرێکی حەماسیدا دەڵێ:

ئەمساڵ بێ چیا نەورۆز ناکەم/ بێ بۆنی گیا نەورۆز ناکەم

شیعرگەلێکی حەماسی لەم چەشنە زۆرن و ئەمەش خۆی بۆ خۆی ئەو ڕاستییە دەردەخات کە تەنانەت هەڵهاتنی ساڵێکی نوێش گرێدراوە بە سروشتەوە و ئاخۆ ئەم ڕاستییە حاشا هەڵنەگرە چی بێت کە وا لە مرۆڤ دەکات بەبێ چیا و بۆنی گیا، دەسپێکی ژیانێکی نوێ نەبینێت و هەستی پێ نەکات؟ وەها کە سروشت تێکەڵی شوناسی تاکی کورد بوو بێت!

یەکێک لە هەڵبەستەکانی مامۆستا قانیع بە ناوی (کۆتر و ڕاوچی)، بە زمانێکی زۆر سادە و ساکار، باسی یەک لە شێوازەکانی غەدرکردنی مرۆڤەکان لە سروشت دەکات.

لە ژیانی ئەمڕۆی ڕۆشنبیراندا ئەزموونەکانی ڕۆژانە، گۆڕاون. بۆ وێنە ئەگەر ڕۆژگارێک شاعیرێک جێژوانەکەی تەنیشت کانییەکی بن کوێستان بوایە، ئێستا بووە بە "کافێ شۆپ". یان ئەگەر بیگوتایە: چەپکێک گوڵ بە خەزانەوە چاوت ئەینێرێ، ئێستا دەڵێت: چاوەکانت پەیامێکم بە بلوتوس بۆ دەنێرن. زۆر ئەزموونی تریش کە مرۆڤی ئەمڕۆی دەستکرد کردووەتەوە، دیارە کە لەم بەشە لە بەرەوپێشچوون و بەشاریبووندا شاعیر یان نووسەر بێ دەسەڵات ماوەتەوە، بەڵام ڕێک لە دنیای بەرەو مۆدێرنەدایە کە کاولکاریی ژینگە و قەیرانە ژینگەییەکان بەشێوەی جیددی دەستپێدەکەن.

لە کۆی ئەم باسە کورتەدا شتێک کەم بوو؛ یان دەتوانین بڵێین کەلێنێک هەبوو لە توێژی باسەکەدا؛ ئەویش ئەوەیە کە ڕۆشنبیرانی کورد ڕاستە بەدرێژایی مێژوو خزمەتی بێوچانیان نواندووە، بەڵام لە بواری بەرگری لە خودی سروشت کەمتەرخەمیی زۆریان هەبووە. لەوانەیە ئەو بەرهەمانەی کە باسی پاراستنی سروشت دەکەن لە دیدێکی ڕۆشنبیرانەوە، بە قامکەکانی دەست بژمێردرێن. بۆیە هیوادارم بەچاوێکی کراوەتر و جددیتر لەم قەیرانە بڕوانرێت و ئەم کەلێنە بە زوویی پڕبێتەوە.

لە کۆتاییدا و جیا لە باسەکە، وەکوو فرانسیس پۆنێژ دەڵێت: مرۆڤ ئایندەی مرۆڤە. بەم ڕستە بەنرخەدا بۆمان دەردەکەوێت کە داهاتووی مرۆڤەکان گرێدراوە بە یەکترەوە. نامۆبوونی مرۆڤ لە سروشت یانی بوون بە ئینسانێکی دەستکرد و بێهەست و بێڕۆح. شتێکیش کە زۆر سەرنجڕاکێش و جێگای مەترسییە، گەنەکەڵکی (سوء استفادە) سەرمایەدارانە. کە بە کاولکردنی سروشت بۆ بەرهەمهێنانێکی زۆرتر و جۆراوجۆریی بەرهەمەکانیان کێشەی هەرە گەورەی ئەم نامۆبوونی مرۆڤ لەگەڵ سروشتەدایە. وە جیا لەمەش بووە بە هۆی زۆربوونی ژمارەی مرۆڤە هەژارەکان و بە دێوەزمەبوونی بڕێکی زۆر کەم لە مرۆڤەکان لەڕووی ژیانی ئابوورییەوە.

# "کۆڵان کۆڵان گێڕانەوە" و سەرەتای یەکترناسینی مرۆڤ و دنیا

سەنگەر زراری



بە جۆرێک لە جۆرەکان تامی "داغستانی من"ەکەی ڕەسوڵ حەمزاتۆف (1923- 2003) ی نووسەری ناوداری داغستانی دەدات. ورد ورد باسی سەرهات و ڕووداو و بابەتەکان دەکات، هیچ کەلێنێک بۆ خوێنەر ناهێڵێتەوە. کە باسی سەرهاتێک دەکا، ئەگەر ئەو سەرهاتە پەند و مەتەڵێکی لابەلای تێدابێ، دێتەوە سەر ئەویش و وردەکارییەکەی، یان هیچ نەبێ بایی ئەوەی خوێنەری پێ ڕازی بکرێ دەگێڕێتەوە، باسی "کۆڵان کۆڵان گێڕانەوە"* دەکەم، ئەو کتێبەی هێندە ورد و پڕ باسە، پێدەچێ چەندین بەرگی دیکەی بەدوادا بێت. قسەی نووسەرێکی سعودیم بیرکەوتەوە، غازی ئەلقەسیبی (1940- 2010)، شاعیر و نووسەرێکی سعودییە و گەلێ پۆست و پلە و پایەی حکوومی وەرگرتووە و کەسێکی دنیادیتەشە، غازی ئەلقەسیبی دەیگوت: "کێشەی ڕاستەقینەی من لەبیرچوونەوە نییە، بەڵکو کێشەی من زۆریی یادەوەرییەکانە".

پێدەچێت (کەریم کاکە)ش هەمان دەرد و کێشەی هەبێت، کێشەی زۆریی یادەوەرییەکان، ئاخر ئەم کتێبە کە بە قەبارە لە زۆرینەی بیرەوەرییەکان زیاترە (455 لاپەڕەی قەبارە گەورە و بە فۆنتێکی ورد)، تەنیا باسی ئەو قۆناغە دەکات کە گەیشتووەتە پۆلی سێیەمی سەرەتایی، لە کاتێکدا زۆربەی ئەوانەی یادەوەرییەکانیان دەنووسنەوە، ئەم تەمەنە هەر باس ناکەن و دەیقرتێنن، یان زۆر ڕاگوزەر باسی دەکەن، بەڵام کەریم کاکە مێشکی خۆی دەگوشێت، بۆ ئەوەی دوورترین و زۆرترین یادەوەری بیرکەوێتەوە و تۆماری بکات: "دوای چل و هێندە ساڵە، مێشکی خۆم وەک لیمۆ دەگوشم، چ بارانێکی پێش ئەو پایزە نمەیەک نارژێنێتە ناو یادەوەریمەوە..ل44"، دیارە ئەمە تەنیا بۆ باران نییە، بەڵکو نووسەر هەوڵی داوە هەموو ئەو شتانەی دنیای وەبیربێتەوە کە یەکەمجار بینیونی، هەر لە دایک و باوک و مرۆڤەکانی دیکەی دەوروبەرییەوە، تا ئاشنابوونی بە سروشت و کۆڵانەکانی ئەودیوی کۆڵان و ماڵی خۆیان و جادە و شەقامی جیاواز لە کۆڵانی خۆیان و هەموو شتێکی دیکەش... تەماشای ئەم ڕستانە بکە، کە هەندێکیان کورد گوتەنی "شەیتانیش بیری بۆ ناچێت" چ شتانێکی وردی وەبیر خۆی هێناونەتەوە:

"ئەوە کۆنترین وێنەی سەرشۆرک و سەرچاکردنە کە لە یادەوەریمدا ماوەتەوە...ل21".

"ئەوە کۆنترین ترومبێلە پێم خستبێتە ناوی... ل29".

"دیارە ئەوە یەکەم بارانی پایزی بووە، بەڵام بۆ من یەکەم بارانی تەمەنیشە...ل54".

"ڕەنگە ئەوە یەکەم گۆرانی، یەکەم شیعر بووبێت کە لەبەرم کردبێت...ل54".

"ڕەنگە یەکەم (شێت) بووبێت کە لە نزیکەوە بینیبم...ل55".

"ئەو پردە لە یادەوەریمدا یەکەم پردە پێم خستبێتە سەری...ل69".

"ئەو ڕۆژە یەکەمین ڕۆژی ساردە لە یادەوەری مندا...ل98".

"لە یادەوەری مندا ئەو سپیبوونەی دنیا، یەکەم سپیبوونە بە سپێتی و وەک خۆی مابێتەوە...ل109".

"دوورترین ئاگری نەورۆز کە لە یادەوەریمدا ڕووناکایی و گەرمایی ماوە، ئەو ئاگرەیە کە لەوبەری کەندێ (...) هەڵکرا...ل113".

"ئەو دارەبازەیە، یەکەم دارەبازەیە کە لە یادەوەری مندا بەڕوونی دیارە ...ل117".

"جارێک گەیشتینە بن منارەی چۆلی، جاری یەکەمە وا لە نزیکەوە بیبینم...ل162".

"یەکەم جارمە بێمە گەرماوی پیاوان...ل166".

"سەرقەراتیش، ئەو جێیەی دنیام لێیەوە دیت، پیری سوارچاکان نەبا، کێ دەڵێ لەو تەمەنە دەیگەیشتمێ... ل 169".

"یەکەم لەیلووک لە یادەوەریمدا مابێتەوە، ئەو لەیلووکەیە لەولای مەیدانی کەران...ل181".

"ئەو ئامانەیەش، کۆنترین ئامانەی ناو یادەوەریمە... ل 190".

"یەکەم جارمە لە پێش ئاوێنەی وا گەورە دانیشم...ل191".

"یەکەم نامەم بۆ خاڵم بووە...ل197".

"من گیڤارا و سمکۆی شکاکم پێکەوە لە ڕۆژێکدا ناسی و وابزانم ئەو دووە لە یادەوەری مندا، دوو دوورترین پاڵەوانی دەرەوەی هەقایەتانن...ل337".

"بۆ جاری یەکەم پاپام لە (ناو قەسران) دیت... ل361".

"یەکەم کتێبی دەرەوەی ئەلفبێی کوردی و ماتماتیک و ئەو شتانە، یەکەم کتێب کە خوێندبێتمەوە، کتێبەکەی خانی بووە...ل385".

"یەکەم جارە بێمە ئێرە، لە سینەما ناچێ (...) یەکەم شانۆگەری دیتم ئەوە بوو، نایەتەوە بیرم چی بوو؟!...ل392-391".

کەواتە ئەم کتێبە بەم هەموو یەکەم و دوورترین یادەوەرییانەوە، هەوڵێکە بۆ سەرەتای ئاشنابوونی مرۆڤ بە دنیا و ناسینی جیهان و دەوروبەری خۆی، بێگومان ئەمەش بیرکردنەوەیەکی وردی دەوێ و بیرتیژیی نووسەریش دەردەخات، چونکە لەبیرمان نەچێت، زۆربەی ئەمانە قۆناغی پێش چوونە قوتابخانە بووە و هەندێکیشی لە قۆناغی سەرەتایین، ڕاستە جار جارە لێرە و لەوێ یارمەتی لە کەسانی لە خۆی گەورەتر وەردەگرێ و دەخوازێ، بەڵام ئەم یارمەتییانە لەو بیرتیژییەی ئەو کەم ناکەنەوە، کە وێنایەک، خەیاڵێک، خەونێکی ئەوکاتەی لەبیر ماوە.

بیرەوەرییەکان بەشێوەی کرۆنۆلۆژی و گێڕانەوەی یەک لە دوای یەکی ڕووداوەکان نووسراون، زۆر کەم و لەو شوێنانەی پێویست بێت، بازدانی زەمەنیی تێدایە، بەڵام زمانی گێڕانەوە خاڵی گرنگە لەم یادەوەرییانەدا، یادەوەرییەکان بە زمانێکی سەرنجڕاکێش و من ناوی دەنێم بە (زمانێکی خۆمانە) گێڕدراونەتەوە، خۆمانە بەو مانایەی کە خوێنەر هەندێ جار هەست دەکات خۆی لەناو ڕووداوەکانە و شتەکان بە چاوی خۆی دەبینێ، هەندێ جاریش هەست ناکات کتێب دەخوێنێتەوە، بەڵکو هەست دەکات لە مەجلیسێکدا دانیشتووە و نووسەر لە بەرامبەری دانیشتووە ڕووداوەکانی بۆ دەگێڕێتەوە، ئاخر پڕە لە گوزارشتی لەمجۆرە: "(ئێی..)، (بە خوێنەری خۆم بڵێم..)، (با جاری لەوە گەڕێین و باسی... بکەین..) و...".

لەلایەکی دیکەوە ناوهێنان و ناولێنانی کاراکتەر و شوێنەکان لەم یادەوەرییانەدا مامەڵەیەکی ئەدەبی و ستاتیکیان لەگەڵدا کراوە، بەجۆرێک ناوەکان لە ناوی کاراکتەر و شوێنی چیرۆک و داستان و ڕۆمانەکان دەچن، نەک ناوی ڕاستەقینە، بۆ ئەمەش کاری جیاوازی لەسەر ناوەکان کردووە، هەندێ ناوی وەکو خۆی هێناوەتەوە، ئەو کەسانەی چەند ناوێکیان بەسەردا براوە، ئەو جوانترین و سەرنجڕاکێشترینیانی کردووەتە کەرەستەی گێڕانەوەکە، ئەو کەسانەی کە بە هەر هۆکارێک بێت نەیویستووە ناویان بێنێ، ناوێکی بۆ داتاشیون، بۆ نموونە تەماشای ئەم ناوانە بکە: کابانە ژیکەڵە (خوشکی)، پیری سوارچاکان (باپیری)، گوڵی کۆساران (داپیری)، شوانە گچکەڵە (برای)، ژنە شەلە جوانەکە، پلکە شایەر، هەقایەتبێژ، ئەو پیاوەی نیودرهەمی و سەرە پاتری لێکجودانەدەکردەوە، گەڕەکی نێوان دوو ڕووبار، لە هەموویان گرنگتریش (کەویار)، کە جەبری کۆمەڵایەتی ناهێڵێ ناوە ڕاستەقینەکە بێنێ و لەسەر دڵی وەکو کەسەرێکی لێهاتووە، وەکو ئەوەی بیەوێ لە ڕێگای ناوی خوازراوی (کەویار) و گێڕانەوەی ئەم ڕووداوانەوە، هۆگریی خۆی بۆ کەویار هەڵڕێژێ و دەردەدڵی خۆی بۆ خوێنەر و هەموو دنیا بکات.

ئەم یادەوەرییانە بە جۆرێک گێڕدراونەتەوە کە گرێ لەلای خوێنەر دروست دەکەن و خوێنەر لەگەڵ خۆیان دەبەن و سروشتێکی ئەدەبییان پێ داوە، بۆیە خوێنەر ڕادەکێشن و کۆتاییەکەشی بە جۆرێکی هونەریی ئەوتۆیە کە خوێنەر بەزوویی چاوەڕوانی بەرگەکانی دیکە بکات، "تا دووسبەی دێ، سەرێ لە ئاودەستخانەکانی قوتابخانە دەدەم، بزانین لەوێ دنیا چ باسە و..." ئەمە کۆتارستەی کتێبەکەیە، بە واوی پەیوەندی و خاڵەکانی بەردەمیشییەوە، ئەم کۆتاییهێنانە، جۆرێک لە دڵنیایدانە بە خوێنەر کە گێڕانەوە بەردەوامە و خوێنەریش نابێ دابڕێ.

جگە لە ئاستە کەسییەکە، ئەم یادەوەرییانە باسی قۆناغێکی گرنگ و هەستیاری کوردستانە، لە دیدی منداڵێکی ئەو سەردەمەوە کە ئەویش قۆناغی مۆرکردنی بەیانی یازدەی ئاداری (1970) یە تا کۆتایی ئەم قۆناغە و هەڵوەشانەوەی ڕێککەوتننامەکە و تێکچوونی پەیوەندی نێوان کورد و حکوومەتی عێراق، دوابەدوای ئەمەش بەچیاکەوتنەوەی کورد و بینین و گێڕانەوەی ئەم سەردەمە بە چاوی منداڵێک کە تەمەنی لە دە ساڵ تێپەڕ ناکات، ئەمەش تێڕوانینێکی کۆمەڵایەتی منداڵانەی ئەو سەردەمەمان بۆ دەخاتەڕوو.




*** کۆڵان کۆڵان گێڕانەوە (یادەوەری)- کەریم کاکە، ئەکادیمیای بەدرخان بۆ توێژینەوەی ڕۆژنامەوانی و کەلتوور، چاپی یەکەم-بەرگی یەکەم (2017).**

# کورد و شار دوو نامۆن بە یەکتر

## وتووێژ لەگەڵ د. ئەحمەدی مەلا



ئەحمەدی مەلا یەکێک لەو ناوە دیارانەی ئەدەبی کوردییە کە لە چەندین بوار و ژانێری ئەدەبی وەکوو شیعر، ڕۆمان، شانۆنامە کاری کردووە و هەم چەندین دەقی وەرگێڕانی لە زمانی فەرەنسی و ئیسپانی هەیە و هەمیش بەشێک لە نووسینەکانی لەو بوارانە بە زمانی کوردی هاتوونەتە نڤیساندن. کۆی شیعرەکانی ئەم قەڵەمە لە نێوان ساڵەکانی1974بۆ2006 و لەقەوارەی 7 دەفتەر دا بە پێشەکی بەختیار عەلییەوە چاپ کراوە. جگە لەمەش وەرگێڕانی سەدساڵ تەنهایی گارسیا مارکێز لە زمانی سەرەکی و هەروەها دەقە شیعری پاز و بوودلێر و ریمبۆ هەمدیس لە زمانی سەرەکی بەشێکی بچووک لە کارەکانی ئەون و تێزی دوکتۆراکەی لەسەر جیهانی مەحوی بووە و کراوە بە زمانی فەرەنسی و هەروەها دەفتەرە شیعرێکی لە لایەن ئیسماعیل دەروێشەوە کراوە بە فەرەنسی و چەندین لێکۆڵینەوە و ڕۆمانیشی بەزمانی کوردی پێشکەشی کتێبخانەی ئێمە کردووە. لەم وتووێژە دیالۆگ ئاسایە دا هەوڵدراوە لە سەر چەندین بابەت و تەوەری وەکوو، سیاسەت، جیهانی کورد، زمان، ئەدەب، شیعر(جیهان و کوردستان-ڕۆژهەڵات و باشوور)، شوناس، ڕۆمان، گێڕانەوە بەگشتی و چەندین تەوەر و پرسیتر قسە بکرێت و پرسیار لە توێی پرسیار و وەڵام لە توێی پرسیار بخرێتە ڕوو.

**هەڤپەیڤین: عادڵ قادری**

**بەشی یەکەم**

**ڕووداو: وجودی کورد لە جیهاندا لای ئێوە چۆن پێناسە دەکرێ؟ ئایا تەنها قەوارەیەکی زمانییە کە لە ئەدەب و زۆرتریش لە شیعردا خۆی مانیفێست کردووە، یان خاوەنی ڕەگەز و لایەنی دیکەیە کە لەحاڵی چەکەرە و گەشەکردندان؟**

**ئەحمەدی مەلا:** ئێمە هەموو لە جیهانێکدا دەژین، بەڵام ئەم جیهانە کە ئەمڕۆ پێی دەگوترێ جیهانی گلۆباڵ، تاکوو دوێنێ بەسەر جیهانی یەکەم و دووەم و سێیەمدا دابەش ببوو. ئەم دابەشبوونە، هەم سیاسی بوو، هەم پەیوەست بوو بە ئاستی ئابووری و کۆمەڵایەتییەوە. لەنێو ئەم سێ بەشەش، دابەشکردنی بچووکتر هەبوو. لە مێژووی هاوچەرخدا کورد مامەڵەی لەگەڵ جیهانی یەکەم و دووەم کردووە، بەڵام لەبەر ئەوەی خودی کورد پێگەیەکی پتەوی نەبوو، چ وەک دەوڵەت، چ وەک یەکەیەکی یەکگرتوو، بۆیە هەندەی یاریی پێ دەکرا، هەندە خۆی وەکو بکەرێکی بەهێز لەنێو ئەو یاریانەدا نەبوو. ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ پێگەی جیۆ سیاسی(geo-politic) ی کورد. ئێستا جیهان لە گۆڕانکارییەکی دیکەدایە، واتە ئیدی قبوولی یەک پۆل، یا تاک پۆل ناکات، بەڵکوو دەچینە نێو قۆناغی کۆپۆلەوە، چین و ڕووسیا وەکو یاریکەری چالاک هاتوونەتە پێشەوە. ئێمە، وەکو زۆر جاری دیکەش، بە باشی خۆمان تەیار نەداوە، بۆیە لە ئاستی ئەم گۆڕانکاری و وەرچەرخانە گەورەیەدا نین. کورد لەسەر نەخشەی سیاسیی جیهان یەک کە نییە، بەڵکوو لە دیدی جیاوازەوە سەیری ئەو نەخشەیە دەکرێ کە کوردی لەسەر دابەشکراوە، وەکو ئەوەی کوردی باش و کوردی خراپ هەبێ. وەڵامی بەشەکەی دیکەی پرسیارەکەش ئەوەیە ئایا ئێمە تەنها زمان و خاکێکی دابەشبووین؟ ئایا یەک زمانی کوردیمان هەیە یا چەند زمانێکە؟ ئەگەر وەکو دیالێکت (dialect) سەیری ئەو زمانانە بکەین، ئایا وەکو یەک گەشەیان کردووە، ئایا وەکو یەک بەرهەمی ئەدەبی و هونەریان هەیە؟ بێگومان نەخێر. ئاسان نییە باسی کورد بە شێوەیەکی گشتی بکرێ، چونکە باشوور زۆر جودایە لە باکوور و ڕۆژهەڵاتیش زۆر جودایە لە ڕۆژئاوا. بەڵام لەنێو نوخبەدا، هەستێک هەیە کە هەموو بە یەک چارەنووس دەبەستێتەوە. ئەم نوخبەیە لە کۆتایی جەنگی یەکەمی جیهانییەوە لە هەوڵدایە. کاتێک دێینە سەر باشوور، دەبێ زۆر تایبەتیتر قسەی لەسەر بکەین، چونکە کورد بەپێی دەستووری 1958 وەکو شەریک دێتە مەیدانی جوگرافیای سیاسی. لە 1970 بەیانی 11 ی ئادار، پێداگرییەکی دیکەیە بۆ ئەم شوناسە، لە 1991 بەدواوە، پانتاییەکی ئازادتر دێتە گۆڕێ و لە دەستووری نوێی عێراقیشدا وەکو هەرێمێکی فیدراڵ ناسراوە. کەواتە لە ماوەی ئەم 60-70 ساڵە، هەست دەکەین شتێک هەیە گەشە دەکات، بەڵام ئەم گەشەکردنە هەمیشە دووچاری قەیرانی جیاواز بووەتەوە. چ قەیرانی ناوەکی یان دەرەکی، ئەوەی ناوەکی پەیوەستە بە بنەمای کۆمەڵایەتی و مێژووی ئەو حیزبە کوردییانەی کە هەندەی لە دەرەوەی شارەکانی کوردستان چالاکییان نواندووە، هەندە لەناو شارەکان نەبوونە. ئەم گۆڕانکارییانەی کە دەبینرێن ئەمڕۆ، ئاماژە بۆ ئەمە دەکەن. کورد و شار دوو نامۆن بە یەکتر. دەتوانین بڵێین نەبوونی شار بە مانایەک لە ماناکان، هۆکار بووە بۆ ئەوەی حیزبی مەدەنی لەلای ئێمە زۆر لاواز بێ، تاکو ئێستا یادەوەریی شاخ شارەکان بەڕێوە دەبات.

**ڕووداو: بێگومان لە نێوان کایە سیاسییەکانی جیهان و ئامادەیی پاسیڤ و شەرمنۆکانەی کورد لە نێو کایەکەدا و ئەو قەیرانەی کە ئەمڕۆ شوناسی کوردی خستووەتە مەترسییەوە، پێوەندییەکی توندوتۆڵ هەیە. سیاسەت، ڕۆڵێکی گرینگی لە پاراستن و گەشەپێدانی شوناس و کایەکانی بوونی ئێمەدا هەبووە، بەڵام کێشەی ئێمە ئایا بکەرانی سیاسی نییە لە ئێستا و تەنانەت لە بەشێکی زۆری مێژووشماندا؟ کە هەر وەکوو دەڵێن: "هێشتا یادەوەرییەکانی شاخ شار بەڕێوە دەبەن"، من وا لەم ڕستەیە تێدەگەم کە بەهۆی نەبوونی حیزبێکی مەدەنیی ڕاستەقینە لە دەرەوەی بەرژەوەندییە گرووپی و خێڵەکییەکان بێت (زۆرتر مەبەست باشوورە لێرەدا) ، ئەو یادەوەریانەی شاخ لە هەموو توخم و ڕەگەزی تری وجوودی نەتەوە دەتەکێنرێن جگە لە ئایدیۆلۆژی حیزبە سیاسییەکان. ئایا ئەمە قەیرانی سیاسەتی جیهانییە و بەپێی ئەوەش سیاسەتی کوردی، یان نەبوون و دارمانی عەقڵیەت و ویژدانی سیاسەتکارانی کورد؟**

**ئەحمەدی مەلا:** ڕاستە، کورد بۆ ئەوەی هەنگاوی مەدەنی گەورە بنێ، دەبێ لە شارەوە دەستپێبکات، چونکە تەنها لە شاردا بناغەکانی دەوڵەت بەدەردەکەون، لە شاردا زمان گەشە دەکات، ئەدەبی زیندوو لەدایک دەبێ، هونەر و شانۆ چالاک دەبن، کولتوورێکی پشتئەستوور بە خەڵکی مەدەنی پەیدا دەبێ. ئەم کەلێنە لە مێژووی ئێمەوە دێ، واتە نەبوونی شار لە مێژووماندا وای کردووە کە ئێمە بە پێی پێویست، گەشە نەکەین. تاکوو سەرەتای سەدەی نۆزدە، هەموو ئەدەبیاتی ئێمە سەر بە مەعریفەی حوجرەیە، واتە سەر بە مەعریفەی چاخەکانی ناوەندە. مەعریفەیەکی دابڕاو، هیچ پەیوەندییەکی نەبوو لەگەڵ سەرجەم ئەو پێشکەوتن و گرەوانەی کە لە ڕۆژئاوا، 400 ساڵ لەوەوبەر ڕوویاندابوو. ئەم مەعریفە دەمداخراوە، ئەدەبێکی دەمداخراو بەرهەم دەهێنێ، سەرباری ڕووە ئێستاتیکییەکانی، لە دەوری بەهاگەلێک دەخولێتەوە کە هی سەردەمی خۆی نییە. ئەمە مانای ئەوە نییە کە شیعرمان بەرهەم نەهێناوە، بەڵکوو بەو مانایە کە ئەو شیعرە لە یەک سەرچاوە توێشووەکانی وەرگرتوون، ئەویش حوجرەیە. سەرهەڵنەدانی پەخشان دەگەڕێتەوە بۆ نەبوونی سەنتەرەکانی شار. ئەگەر گوند گۆڕانییەکی بێگەرد بێ، لە شاردا رامان و بیرکردنەوە بەجۆرێکی دیکە دەخەملێ کە پەخشانێک بەرهەمبهێنێ هاوتەریب بێ لەگەڵ پێشکەوتنە هەمەجۆرەکانی کۆمەڵگە. لە نێو ئەم لابۆرەدا، حیزبی مەدەنی لەدایک دەبێ کە لە سەرووی خێڵ و ئاین و شارچێتییەوە بێ، چونکە ئەو سێ ڕەگەزە دەکەونە خوارەوەی نەتەوەوە. ئەگەر بە وردی سەرنج بدەین، دەبینین، ئێمە تاکوو ئێستا لە ئاستی خێڵ و شارچێتیدا گەشەمان کردووە، کاتێک دەڵێین شارچێتی، بە مانای گوندێکی گەورە دێ زیاتر لە شار. بۆیە دەبینین لە جیاتی ئەوەی ئەم دیاردەیە ئیفرازی ئینسایکلۆپیدیای کوردستانی بکات، ئینسایکلۆپیدی بۆ شارەکان دەهێنێتە بەرهەم، ئەمە یەکێکە لە ئاماژەکانی شارچێتی کە دەکەوێتە خوارەوەی شار/ نەتەوەوە.

**ڕووداو: سەرەڕای ئەوەی کە ئەو کێشە جیۆ- پۆلیتیکەی هەموو شوناسی کوردی کردووەتە ئامانج و لەهەر بەشێک لە کوردستان فۆرمێک لە روخسار و دەرکەوتەکانی پیشان داوە، هەمدیس هاوبەشێتییەکی زۆر لە ئەو "ناشاریبوونە" دا هەیە، واتە شکڵێک لە شارچێتییەکی فراوان کە ئەگەر عەقڵییەتێکی مەدەنی لاوازیش بیەوێت گەشە بکات، لە گێژەنیدا دەخنکێت. لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش سەرەڕای هەموو ئیدیعا و بانگەشەکان، شکڵێک لە شارچێتی و خانەبەندیکردنی بان و خوار و پابەندبوون بە نۆرمە گوندەکییەکان هەیە و ئەم هاوکێشەیە لە چالاکییە سیاسییەکانی کوردیشدا بە زەقی خۆی پیشان دەدات، هۆکاری دواکەوتنی ئەم تێڕوانینە مەدەنییە، یان ئەم حیزب و ئێن جی ئۆ(NGO) مەدەنییە ئازادانە بۆ دەرچوون لەم قۆناغە چییە؟ ئایا بەدرەنگ کەوتنی زەنگی مەترسییەکی گەورە بە گوێماندا نادات؟**

**ئەحمەدی مەلا:** پێموایە، تاکوو جۆرە هێمنییەک و ئاسوودەییەک لە شارەکاندا دروست نەبێ کە ئەویش پێویستی بە ماوەیەکی زۆر دەبێ تاکوو شار قسەی خۆی بکات، گوزارشتی نوێ لە هەلومەرجێکی نوێ نایەتە ئاراوە. بۆ نموونە، بزووتنەوەی گۆڕان ویستی گوزارشتکردنێکی نوێ بێ و بتوانێ هەنگاوێک زیاتر لەم ڕووەوە بچێتە پێشەوە، بەڵام دیسانەوە، ئەویش لە سنووری ئەو شارە مایەوە کە تیایدا سەری هەڵدا. ڕەنگە یەکێک لە هۆکارەکانی ئەوە بووبێ کە ئەکتەرەکانی ئەم بزووتنەوەیە، ئەکتەری تەواو نوێ نەبوون، دەرهاویشتەیەکی دیکە نەبوو کە بە تەواوی کەلەپووری شاخ لەدوای خۆی جێبهێڵێ و خۆی بۆ قۆناغێکی نوێ ئامادە بکا. بۆیە، زۆر بە ئاسانی باس لە زۆنی (zone) زەرد و سەوز و وەنەوشەیی دەکرێ، ئەم زۆنانە خاوەن حەرەکییەت و دینامیکییەتێکی نوێ نین. وەلائەکان چەقبەستوون. ئێمە، هەرچییەک بکەین، هەر درەنگمان بەسەردا هاتووە، بەڵام درەنگ کارکردن لە هیچ نەکردن باشترە. ئێمە تاکوو ئێستا قەیرانی گوتار و خیتابمان هەیە، ئەم گوتارە هەر وا بە ئاسانی لەدایک نابێ، پێویستی بە هەلومەرج و خوێندنەوەی تازەیە. هێشتا، لایەنێک پەیدا نەبووە، لانیکەم لە باشوور، کە خاوەن گوتارێکی یەکدیگری نوێ بێ و بتوانێ بۆ ماوەیەکی زۆر بەرگری لە خۆی بکا. ڕاستە، گوتارێکی زاڵمان هەیە کە بانگەشە بۆ دروستبوونی دەوڵەتی سەربەخۆ دەکات، بەڵام ئەم گوتارە تەنها لە شێوەی دروشمدا ماوەتەوە و بە تەواوی خورد نەکراوەتەوە. دەوڵەتی سەربەخۆ دەبێ خاوەن پێگەی خۆی بێ، چ لە ڕووی بوونی خاکێکەوە، چ لە بوونی هێزێک کە بتوانێ بەرگریی لێ بکا، چ لە بوونی گوتارێکەوە. بۆیە کاتێک دەوڵەتی سەربەخۆشمان ببێ، شتێکی ئەوتۆ ناگۆڕێ، تەنانەت قەیرانەکانمان زیاتر دەکا. ڕاستییەکەی، ئەم قەیرانە، تەنها قەیرانی کورد نییە وەکو میللەت، بەڵکو قەیرانی فارس و تورک و عەرەبیشە. ئەوان خاوەن ئەزموونی هەزار ساڵەن، دەبوو، دەسپێشخەرییەکی مێژوویی لەنێو منداڵدانی ئەو دەوڵەتانەوە سەریهەڵدابا بۆ ئەوەی بیچمێکی نوێ بدەنە ئەو ناوچەیە و بە شێوەیەکی نوێ پێناسەی شوناسەکان کرابان و سەرلەنوێ خۆیان بۆ قۆناغێکی نوێ ئامادە کردبا، بۆ ئەوەی شتێکیان لە سەرەوەی ئێتا/ ناسیۆن (1) دروستکردبا، وەکو یەکێتی ئەورووپا، بۆ نموونە.

**ڕووداو: من پێموایە بەبێ خەسارناسیی ورد و خوێندنەوەی غیابی ئێمە لە مێژوودا، ئەستەمە ڕێدەرچوونێکی باش بەدی بکرێت، ڕاستە ئەو قەیرانەی کە شوناس و بوونی ئێمەی گرتۆتەوە بە فۆرم و مۆدێلی تر فارس و عەرەب و تورکیشی لەباوەش گرتووە، بەڵام بێگومان جیاوازییەکی زۆر لە نێوان ئەم مۆدێلانەی قەیران هەیە، پێموابێت زۆرینەی زۆری شوناسەکان یان با بڵێم ئەو سیستەمانەی کە خەریکی درووستکردنی شوناسن لە ڕۆژهەڵاتی ناوین، لەو حاڵەتە قەیراناوییەدا دەژین، سیستەمێکی وەکوو تورکیا بە خەونی ئیمپراتۆرییەتی عوسمانییەوە تووشی شێوازێک لە هیستریا و مالیخولیا بووە؛ دژبەرایەتی هەموو هێز و وردە هێز/ شوناس و وردە شوناسێک دەکات، سیستەمی کۆماریی ئیسلامی کە لە بن و پەراوێزی خۆیدا ئاوسە بە ئارەزووی ئێرانی کۆن و کووروش پاشا و ڕەمزەکانی تەختی جەمشید، تووشی نارسیزمێکی شێتانە بووە و هەموو جیهان لە دژی مەعنەویەت و جوانییەکانی خۆی دەبینێت . ئەمانە زۆرتر روخسار و لایەنی سیاسی زەقکراوی شوناسن، بەڵام وەک دەزانن لایەنی زۆرتری هەیە وەکوو لایەنە زمانی، ئەدەبی، هونەری و فیکرییەکان، واتە من لەگەڵ ئەوەی کە دەزانم سیستەمی زاڵی ئێران چ ڕوانگەیەکی بۆ وردەشوناسەکانی تر هەیە، بەڵام دەشزانم فارسی زمانێکی نێزیکە لە کوردی، سادقی هیدایەت و ئەحمەدی شاملوو و خەییام و حافز نێزیکن لە دونیام، کورد نە تەنها لە ڕووە سیاسییەکەی دەسکەوتێکی شایستەی وای نییە، بەڵکوو لە ڕووەکانی تریشدا دەناڵێنێ، ئێوە هۆکارەکانی بۆچی دەگەڕێننەوە؟ کوا ئەو ئامادەییە کەونینەیی و حەماسییەی کە هەندێ مێژوونووس لەبارەی کوردەوە بە گوێمانیدا دەدەن؟**

**ئەحمەدی مەلا:** قەیرانەکان، دەبێ هەمیشە بە کۆ بخوێنرێنەوە، چونکە چەندین ئاست و بیچمیان هەیە. ناوچەکەی ئێمە زۆر دوورە لەوەی کە ڕێگاچارەیەک بدۆزێتەوە تا بتوانێ چالاکییەکانی مێژوو لە خزمەتی خەڵک کۆتایی پێ بهێنێ. ڕەنگە لە ئێران دیدێک هەبێ کە شتێک دروست بکرێ لەسەرەوەی سنووری ئێرانی هاوچەرخ، بەڵام بەو مەرجەی ئەو قەڵەمڕەویی بکا، بۆ تورکیاش ڕاستە، بەڵام سەردەمی ئیپمراتۆریەت کۆتایی هاتووە و مەحاڵە جارێکی دیکە ئەمە ڕووبدا، بە پێچەوانەوە ئەم تەماحکارییانە هەندەی دیکە قوڕاوی قەیرانەکان خەستتر دەکەن.

یەکێک لە بیچمەکانی ئەم قەیرانە، لەدەورەی بەرژەوەندخوازی و دەسەڵاتی رووتە، خاوەن هیچ باکگراوندێکی فیکریی هاوچەرخ نییە، توانای نییە دەرهاوێشتە هەنووکەییەکان بخوێنێتەوە و هەمیشە خۆی لە بەرامبەری نەیاری خۆیدا ڕێکدەخات. ئەمە بۆ بچووکترین هێزی سیاسییش ڕاستە. لەم هاوکێشەیەدا، دەبێ هەمیشە ڕۆژئاوا وەکو نەیاری ئێران دەرکەوێ، چونکە ئایدیۆلۆژییەکە بەوجۆرە نەبێ ناتوانێ بەردەوام بێ. ئەگەر وردتر بکرێتەوە، بزووتنەوەی گۆڕان لە دژایەتی یەکێتیدا دروست دەبێ بۆ ئەوەی خۆی بۆ دژایەتی پارتی ئامادە بکات و پارتیش لە یەک ژێ دەدا. هیچ لایەنێک بە بوێرییەوە نایەوێ بڵێ ئێمە دەمانەوێ حوکمڕانییەکی مەدەنی بنیات بنێین و هاووڵاتیبوون مەرج بێ. تورکیای هاوچەرخ کاری لەسەر ئەمە کرد، بەڵام هاووڵاتیبوون بۆ کۆماری تورکیا لە تورکبووندا خۆی دەبینییەوە. ئێمە پێویستمان بە دیدێکی دیکە هەیە لە بنمیچەکەی بەرزتر بێ و بتوانێ گوڕێک بداتە ڕۆژهەڵاتی ناوین. بۆ نموونە دەبێ زەمینە خۆش بکرێ بۆ دروستکردنی یەکێتییەک لە نێوان تورکیا و ئێران و عێراق و سووریا و لوبناندا. ئەمەی کە پێشنیاری دەکەم ڕەنگە زیاتر لە خەونەوە نزیک بێ، بەڵام کاتێک دەیخەینە نێو پێرسپێکتیڤێکی مێژوویی‌یەوە، ئەودەم لەم پێداویستییە تێدەگەین.

– لەلای ئێمە تاکو ئێستا یادەوەریی شاخ شارەکان بەڕێوە دەبات

– تا سەرەتای سەدەی نۆزدە، هەموو ئەدەبیاتی ئێمە سەر بە مەعریفەی حوجرەیە، واتە سەر بە مەعریفەی چاخەکانی ناوەند

– لە شاردا زمان گەشە دەکات و ئەدەبی زیندوو لەدایک دەبێ


– دەبێ زەمینە خۆش بکرێ بۆ دروستکردنی یەکێتییەک لە نێوان تورکیا و ئێران و عێراق و سووریا و لوبنان

**پەراوێزەکان:**

**1- Etat-Nation فۆرمی خۆماڵی دەوڵەت- نەتەوە. واتە مەبەست لە شکڵێک لە دەوڵەتی نەتەوەییە، دەوڵەتێک کە بۆ ڕەگەزی فارس و تورک و عەربە بەبێ گوێدانە ڕەگەز و زمان و کەلتووری دیکە کە لە ناو ئەو سنوورە دەژین.**

دینۆ بوتزاتی
وەرگێڕانی: فریا یونسی

# دڵۆپێک



دڵۆپە ئاوێک لە پیلکانەکانەوە سەردەکەوێ. گوێت لە دەنگەکەیەتی؟ لە تاریکاییدا لەسەر قەرەوێڵەکەم ڕاکشاوم و گوێ لە دەنگی هەنگاوە نادیارەکانی دەگرم. ئەوە چۆنە دەڕوا بەڕێدا؟ دەپەڕێ؟ دەنگی تک تکێک لەدوای یەک دەبیسترێ. دوایی دڵۆپەکە دەوەستێ و ڕەنگە لە درێژایی شەودا، ئیتر بە تەواوی دیارنەمێنێ. دیسان دێتە سەر و بەپێچەوانەی دڵۆپەکانی دیکە کە بەپێی پێملبوونیان بە یاسای کێشی زەوی، دەکەونە خوار و لە کۆتاییدا هەروا کە لە هەموو دنیادا باوە، تک تک دەنگ دەدەنەوە، ئەم دڵۆپە لە درێژای پیلکانەی "E"دا لە کۆمەڵگەیەکی ئاپارتمانی گەورەدا، هێواش هێواش خۆی دەکێشێتە سەرێ.

ئێمە کەسە گەورە و زیرەک و هەرە هەستیارەکانی کۆمەڵ، ئاگامان لێی نەبوو. بەڵکوو کارەکەرەکەی نهۆمی یەکەم کە کچێکی ڕەنگ پەڕیو و گەمژەیە، لە دواهەمین کاتژمێرەکانی شەودا کە هەمووان خەویان لێکەوتبوو، ئاگای لێبوو. ماوەیەک دوای ئەوە نەیتوانی بەری خۆی بگرێ. لە قەرەوێڵەکەی هاتەخوار و هەڵات تا کەیبانووی ماڵەکە لە خەو هەستێنێ.

هێواش برماندی: "خاتوون، خاتوون!"

خاتوونەکە تلێکی داو گوتی: "چییە، چی بووە؟"

"دڵۆپێکە خاتوون، دڵۆپێک کە لە پیلکانەکان دێتە سەرێ!"

خاتوون بە سەرسوڕمانەوە لێی پرسی: "چی، چی؟"

کچە کارەکەرەکە دووپاتی کردەوە: "دڵۆپێکە کە لە پیلکانەکان دێتە سەرێ!" و خەریک بوو گریانێک دەیگرت.

خاتوون گوڕی لێگرت: "دە لاچۆ، لاچۆ، شێت بووی؟ دەی بڕۆ بنوو! ئەوە هی ئەوەیە کە شەرابت خواردووەتەوە، جێی شەرمە بەڕاستی. ماوەیەکە هەرچی بەیانییە لەو شەرابەی نێو شووشەکە کەم دەبێتەوە! دێڵەبەبای پیس، ئەگەر پێتوایە..."

بەڵام کچە خێرا ڕووی نایە هەڵاتن و لەژێر بەتانییەکەدا خۆی شاردەوە.

دوایی خاتوون کە ئیتر خەونی لێ زڕابوو، لە بێدەنگیدا بیری دەکردەوە: "کەس نازانێ چی بە زەینی ئەو گەوجە گەیشتووە." ئەوسا بێ ئەوەی بیەوێ، گوێی بۆ ئەو شەوە ڕادێرا کە بە سەر هەموو جیهاندا زاڵ ببوو. ئەویش ئەو دەنگە سەیروسەمەرەی هاتە گوێ. بەڕاستی دڵۆپێک دەهاتە سەر.

خاتوون کە ژنێکی مەیلەو ڕێکوپێکی و نەزم بوو، بۆ ساتێک بیری کردەوە کە بچێتە دەر و خۆی هەموو شتێک ببینێت.

بەڵام بەو کزە ڕووناکییەی لە چرای هەڵواسراو بە قادرمەکانەوە دەپژا بەسەر ئەو ناوەدا، چی دەهاتە بەر چاوی؟ چلۆن دەیتوانی بەو سەرمایە شوێنپێی دڵۆپێک لەو نیوەشەوەدا و لە درێژای پیلکانەکاندا، بگرێتە بەر ڕانان؟

هەواڵەکە لە ڕۆژانی دوای ئەو شەوەدا، هێور هێور لە بنەماڵەیەکەوە بۆ بنەماڵەیەکی تر بڵاودەبووەوە و ئێستا ئیتر هەموو دانیشتووانی کۆمەڵگەکە، ئاگایان لەو باسە هەیە؛ تەنانەت ئەگەر وایان پێ باش بێ کە وەک دەنگۆیەکی ناچیزەی بێبایەخ کە باسکردنی جێگەی شەرمە، قسەی لەسەر نەکەن. ئێستا گەلێک گوێ لەنێو دڵی تاریکیدا – کاتێک کە شەو بۆ زاڵبوون بەسەر تیرەی مرۆڤدا، دادێت- قوڵاغ دەبنەوە و هەرکەسە و بیر لە شتێک دەکاتەوە.

هەندێک شەو دڵۆپەکە بێدەنگ دەبێت، بەڵام هەندێک لە شەوەکانی دیکە، چەندەها کاتژمێری یەک لە دوای یەک، هیچ ئیشێکی دیکەی نییە جگە لە جێگۆڕکێ و گەڕان. سەرەوە، سەرەوە؛ واتە چیتر نابێ بوەستێ. کاتێ دەنگی پێی نەرمی دەگاتە ئاستانەی دەرگاکان، دڵەکان تەپەتەپ دەکەونە لێدان. شکور بۆ خوا؛ ڕانەوەستا. ئێستا خەریکە تک تک دووردەکەوێتەوە و بەرەو نهۆمی سەرووتر دەچێ.

من بە دڵنیاییەوە دەزانم کە کرێنشینەکانی نهۆمەکانی خوارەوە، وادەزانن ئیتر پارێزراون. ئەوان پێیانوایە دڵۆپەکە، هەر کە لە دەرگای شوقەکەی ئەوان تێپەڕی، ئیتر بابەتێک نامێنێ کە ببێتە هۆی ترس و ئازاردانیان. کەچی کەسانێکی وەک من کە لە نهۆمی شەشەمی ئەپارتمانەکەم، ئێستا دەبێ هۆیەکیان بۆ دڵەڕاوکە هەبێت. بەڵام کێ دەڵێ دڵۆپەکە لە شەوانی داهاتوودا، دیسان لەو جێگەوە کە دوایین جار دەنگی بیستراوە، ڕێگاکەی دەستپێدەکاتەوە؟ کێ چووزانێ دیسان لە سەرەتاوە، لە هەمان یەکەم پلیکانەی هەمیشە شێدار و تژی لە زبڵی بەجێماوەوە، دەستپێناکاتەوە؟ نا، ئەوانیش ناشێ چیتر پارێزراو بن.

کاتێک لە ماڵ دێینە دەر، بە وردی سەرنجی پیلکانەکان دەدەین کە نەوەکا شوێنەوارێکی لێ بەجێمابێ. هەروا کە پێشبینی دەکرا، هیچ شوێنەوارێکی لێ بەجێ نەماوە. لەگەڵ ئەوەشدا بەیانی، چ کەسێک ئەم بابەتەی لا گرینگ دەبێت؟ مرۆڤ لەگەڵ هەڵاتنی خۆردا، بەهێز دەبێتەوە. خۆی شێرێکە، ئەگەرچی چەند کاتژمێر پێش ئەوە ترسنۆک و بێ هێز بووبێت.

نەوەکا حەق بەوان بێ کەوا لە نێو نهۆمی یەکەمن. لەگەڵ ئەوەشدا خۆ ئێمەش لەوە پێش هیچ دەنگێکمان نەدەبیست و لێی بێبەری بووین، هەمووی چەند شەوێکە ئەو دەنگە دێتە گوێمان. دڵۆپەکە هێشتا دوورە. وایە... ئێمە تەنیا تک تکێکی کز دێتە گوێمان. زایەڵەیەکی لاواز لەوپەڕی دیوارەکانەوە. بەو حاڵەشەوە، ئەوە دەریدەخات کە خەریکە سەردەکەوێت و بەردەوام نزیک دەبێتەوە لێمان.

تەنانەت، خەوتن لە ژوورەکانی ناو شوقەکە و دوور لە پیلکانەکان، بێ سوودە. باشتر وایە گوێمان لە دەنگی بێ، هەتا ئەوەی کە شەوانە لە شک و گومانی بوون و نەبوونیدا، سەر بنێینەوە. ئەو کەسەی کە لە ژوورە نهێنییەکاندا دەخەوێ، جاروبار ناتوانێ خۆی بگرێ و بە هێواشی سەرەتاتکەی نێو ڕاڕەوەکە دەکات و بێتو لە ژوورە ساردەکەی پشت دەرگای شوقەکەش بێت، هەناسەی لە سینەیدا حەپس دەکات و گوێ دەگرێ. کاتێک دەنگی دەبیستێ، تووشی هەراسێکی بێ بڕانەوە دەبێت و چیتر ناوێرێ دوور بکەوێتەوە. بەڵام لە هەمووی خراپتر ئەو کاتەیە کە هەموو شوێنێک ئارامە: ئەگەر وابێ کێ چووزانێ هەتا ئەو دەگەڕێتەوە بخەوێ، ڕێک لە هەمان کاتدا دەنگەکە دەستپێناکاتەوە؟

کەواتە چ ژیانێکی سەیرە. نە دەکرێ سکاڵایەک تۆمار بکەین، نە دەتوانین بە شوێن ڕێگەچارەیەکەوە بین و نە دەشتوانین هۆکارێک ڕەچاو بکەین کە مرۆڤ دڵی ئۆقرە بگرێت. تەنانەت ناشکرێ ئەوانیتر، دانیشتووانی بەرەکانی دیکەی کۆمەڵگەکە کە ئاگایان لە هیچ نییە و بەم باسە نازانن، تێیانگەیەنین و ئاگەداریان بکەینەوە. هەموویان بەوپەڕی نیەتباشییەکی ئازاردەرەوە دەپرسن: "ئاخر ئەم دڵۆپە چییە؟ نەوەکا مشکێک بێ؟ یان بۆقێکی بچووک کە لە ژێر زەمینەوە دەرپەڕیوە؟" بەڕاستی نا، ئەوە نییە.

پێداگری دەکەن لەسەر ئەوە کە: "دەی کەواتە پێدەچێ نیشانەیەک بێت؟ وەک بیهەوێ سەمبولی مەرگمان پیشان بدات، یان هێمای مەترسییەکی گەورە بێ؟ یان ئاماژەیەک بێ بەو ساڵانەی کە تێدەپەڕن؟" نا کاکینە! زۆر ئاسانە، ئەو شتە تەنیا دڵۆپێکە و بەس. ئەوەندە نەبێ دڵۆپێکە کە لە پیلکانەکانەوە سەردەکەوێ.

"یان بە شێوەیەکی زۆر ناسک خەریکە دەیەوێ خەون و خەیاڵەکانی ژیانمان نیشان بدات؟ ئەو مەڵبەندە خەیاڵاوییە دوورانەی کە تەنیا لەوێ دەتوانین خۆشبەختی ڕاستەقینە بێنینە پێش چاوی خۆمان؟ بە وردی: شتێکی شاعیرانەیە؟" نا، بێگومان.

"یاخود بۆ جێگە دوورەدەستەکان، سەر سنووری جیهان، بەرەو ئەو شوێنانەی کە هەرگیز پێیان ناگەین؟" بەڵام نا، لەگەڵ ئێوەمە، هیچ گاڵتە و جەفەنگێک لە ئارادا نییە. هیچ مانایەکی دوولایەنە لەم باسە بەدی ناکرێ. تا ئەو جێیەی کە ڕوون و ئاشکرایە، ڕێک پێوەندی بە دڵۆپێکەوە هەیە کە لە کاتی داهاتنی شەودا، لە پیلکانەکان سەردەکەوێ. تک تک؛ بە شێوازێکی پڕ نهێنی؛ پیلکانە بە پیلکانە. ئەوسا هەمووان دەترسێنێ.

## دینۆ بوتزاتی

**دینۆ بوتزاتی (Dino Butzzati)، ڕۆماننووس و ڕۆژنامەوانی بەناوبانگی سەدەی بیستەمی ئەدەبیاتی ئیتاڵییە کە ساڵی 1906 لە شاری بۆلۆنیا لە باکووری ئیتالیا هاتووەتە دونیا. بوتزاتی نووسەرێکی بەتوانای مۆدێرنە کە لە نووسراوەکانیدا بە بەکارهێنانی ناوەڕۆکێکی بەهێز، بەدوای پێشکەوتن و بەرزبوونەوەی هزر و ئاکاری کۆمەڵایەتیی مرۆڤدا دەگەڕێ. یەکێک لە بەرهەمە ناسراوەکانی بوتزاتی کتێبی "شەست چیرۆک"ـە، چیرۆکی "دڵۆپێک" یەکێکە لەو چیرۆکانەی ئەم کتێبە کە باس لە دڵەڕاوکەی مرۆڤ دەکا لە وەهم و خەیاڵەکانی خۆی. بوتزاتی لەسەردەمی خۆیدا، بەهۆی ڕزگاربوونی کۆمەڵگەی ئیتالی لەدەست دەوڵەتی فاشیستیی موسۆلینی و باوبوونی ئەدەبیاتێکی ڕیالیستی سیاسی لەو سەردەمەدا، زۆر بە کەمی ئاوڕی لێدرایەوە و چیرۆکەکانی بە کەمی خوێندرانەوە. بەڵام لە دوای بەسەرچوونی ئەو گوڕوتایە و پاش ئەوەی لە لایەن ئەلبێر کامۆوە، کتێبی "کەیسێکی سایکۆلۆژی" لە نووسینی بوتزاتی، وەرگێڕدرایە سەر زمانی فەرەنسی، لە نێو کۆمەڵگەی ئەدەبیی ئیتالیاشدا بە جددیتر ئاوڕی لێدرایەوە و کتێبەکانی بەهەند وەرگیران. ڕۆمانی "سارای تەتەرەکان" و کۆمەڵە چیرۆکی "کۆلۆمبێرێ" یەکێکن لە دوو کتێبی هەرە ناسراوی بوتزاتی کە بۆ سەر زۆر لە زمانەکانی دنیا وەرگێڕدراون. بەڵام بەداخەوە تا ئێستا هیچ بەرهەمێکی نەکراوە بە کوردی و لەنێو نووسەران و خوێنەرانی ئێمەدا زۆر کەم ناسراوە. بۆتزاتی لە ساڵی 1972ی زایینیدا و لە تەمەنی 66 ساڵیدا، بە هۆی نەخۆشیی شێرپەنجە، مالآوایی لە دنیا کرد.**

عومەر کەریم بەرزنجی



# زەبەلاحەکان



دەمەو نیوەڕۆیەکی هاوین بوو، بەڵام لە زەردەپەڕی ئێوارەیەکی پایزی دەچوو، خۆر چرایەکی کزی بێنەوت بوو بەتاقی ئاسماندا هەڵواسرابوو، شار کش و خامۆش لەبەر دەرگای ماڵەوەدا پاڵی بەدەرگای حەوشەوە دابوو، خۆی بەکەسێکی گەورە و مرۆڤێکی باڵا دەزانی، لەگەڵ چاوی بەو کەوت... لە گەورەیی خۆی کەوتە گومانەوە و بەراوردی خۆی و ئەوی کرد، خۆی بەکەسێکی گرگن و بوودەڵە دەهاتە پێش چاو، قێزی لە خۆی دەکردەوە، ئەو زوو ون بوو، نەیدەزانی بەرەو کوێ چوو بە ونبوونی ئەو... هەستی بەشڵەژانی خۆی و تەواوی خەڵکی دەوروبەری کرد، تاکوتەرا خەڵکی بەرچاوکەوت، بەبێدەنگی ملی ڕێیان گرتبوو، ماندوو شەکەت و شپرزە دیاربوون، وەک لە خەوی غەفڵەت بەئاگا هاتبن، ئەو خەڵکە بەرەو دەرەوەی شار، بەرەو پشتی ئەو زنجیرە چیایەی پشتی شاری گرتبوو هەڵدەهاتن.

بێئەوەی بیر لە هەڵهاتن بکاتەوە، بەدوای ئەودا دەگەڕا تا بەراوردی خۆی لە گەڵیدا بکات، دەنگێک کە لەدەنگی ئەو دەچوو، دەیگوت: "بەدوای مندا مەگەڕێ بڕۆ شار جێبێڵە، گەڕان بەدوای مندا خۆفریودانە، بەشوێن ئەو خەڵکانەدا بڕۆ چاوەڕێی چی دەکەیت، خۆت لە کەڵبەی ئەو دڕندانە بپارێزە، زووکە هەڵبێ.

لەبەرخۆیەوە بیری لەوە دەکردەوە و دەیگوت: دەبێت ئەو دڕندانە چیان لەم شارە بوێت، دەبێت وەچەی ئەو جەلادانە بن کە بەخوێنی قوربانییەکان خۆیان مەست دەکرد، تەپوتۆزێکی زۆر لە ڕۆژئاوای شارەوە سەرنجی ڕاکێشا، تادەهات نزیکتر دەبووەوە و شاری دادەپۆشی، چاوی بەملاو بەولایدا گێڕا چەند کەسێکی لە دوورەوە بەرچاو کەوت کە بەرەو دامێنی چیاکە دەڕۆیشتن، بەرەو لای ئەوان هەڵات، چەند جارێک بانگی کردن، کەسیان ئاوڕیان نەدایەوە، وەک هیچیان بەرگوێ نەکەوتبێ بەردەوامبوون لە ڕۆیشتن.

هەنگاوەکانی خێراتر کرد، هەستت بە تەپەیەکی زۆر دەکرد کە لەتەپەی پێی زەبەلاحەکان دەچوو، ئاوڕت دایەوە، چەند تارماییەکی زەبەلاح زارەترەکیان کردیت، تادەهات شار لە تەپوتۆزدا ون دەبوو، تارماییەکانیش نزیکتر دەبوونەوە، ئەو تارماییانە لە داینەسۆر دەچوون، لەشکرێکی گرگنیان بەشوێنەوە بوو، لە شێوەدا لە زەبەلاحەکان دەچوون، بەڵام تا زەبەلاحەکان نەجووڵابان، ئەوان نەیاندەتوانی لە شوێنی خۆیاندا بجووڵێن... لەگەڵ گەیشتیتە پشتی زنجیرە چیاکە، وچانێکت دا و ئاهێکت بەبەردا هاتەوە.

لەپشت زنجیرە چیاکە، حەشاماتێکی زۆر دەتگوت شارەمێروولەن مۆڵ درابوون، لە ڕۆژی حەشر دەچوو، تێکڕا دەستیان بۆ ئاسمان بەرز دەکردەوە و دەپاڕانەوە.

دەنگی پیاوە گەورەکە هاتە گوێت، هەستت کرد تەواوی خەڵکەکە گوێ بۆ شتێک رادەگرن کە پێدەچوو ئەو دەنگە بێت دەیگوت: لەوێدا پشوو بدەن، پەناگەیەکی ئارامە، ئەو دڕندانە لە توانایاندا نییە بەچیاکەدا هەڵزنێن، ئەگەر نزیکیش ببنەوە چیاکە قووتیان دەدات، بەناخی زەویدا ڕۆدەچن.

حەشاماتەکە هەموویان سوجدەیان برد بۆ خواوەند، ویستی بپاڕێتەوە پڕ بەگەرووت هاوارت کرد دەنگت دەرنەدەهات. چاوت نوقاند، دەستت بەرز کردەوە و لەبەرخۆتەوە دەتگوت: خودایە تێناگەم ئەمە کۆتایی ژیانە یان تراژیدیایەکی خوێناوییە، خودایە ئەو جەلادانەمان لە کۆڵ کەرەوە کە بەخوێن سەرمەست دەبن و گڕی ناخیان خامۆش دەبێت.

زەبەلاحەکان لە چیاکە نزیک بوونەوە، دەنگێکی گەورە کە لە شەقار شەقاربوونی زەوی دەچوو، حەشاماتەکەی ڕاچڵەکاند، زەبەلاحەکان بەناخی زەویدا ڕۆچوون، تەمەکانی سەرشار دەرەوینەوە، پرشنگی خۆر دنیای ڕۆشن دەکردەوە.

لەدوای ئەو ڕووداوە، تەواوی کوچە و کۆڵانەکانی شار و شارۆچکەکان پڕبوون لە پەیکەری ئەو زەبەلاحانە.

پەیکەرتاشەکان پەیکەری زەبەلاحەکانیان لە شێوەی جۆراوجۆردا دروستدەکرد و لە فولکە و باخچە و شوێنە گشتیەکاندا دایاندەنان و ناوی ئەو شوێنانەیان بەناوی یەکێک لەو زەبەلاحانەوە ناودەنا.

هەندێک کەس وەک نەفرەتلێکراوێک سەیریان دەکرد، بۆ ئەوەی لەیادیان نەکەن و ئەو مەترسیەیان لەبیرنەچێتەوە، بەپێویستیان دەزانی ئەو پەیکەرانە هەبن.

هەندێک کەسی تر وەک شتێکی پیرۆز دەیانبینی و وەک پەرستراوێک لێیان دەڕوانی، هەندێکیان لەترسی نەفرەتی زەبەلاحەکان سوجدەیان بۆ پەیکەرەکان دەبرد و دەیانپەرستن، هەفتانەش دەچوونە سەردانی و قوربانییان بۆ دەکردن.

پێیانوابوو کە نەفرەتی زەبەلاحەکان و تووڕەییان دەبێتە هۆی وێرانبوونی شارەکەمان، هەر بۆیە نەدەبوو کارێک بکەین کە ڕۆحی زەبەلاحەکان تووڕە و بێزار بکات، بۆ ئەوەی شارەکەمان پارێزراوبێت، دەبێت خۆمان لە تووڕەکردنی زەبەلاحەکان بپارێزین، ئەگینا خۆشمان پارێزراو نابین.